# شلەژانی رەفتاری

First course
Special education department
Third level

2022

BY: Dr.Medya A.Othman

# رەفتار و شلەژانی رەفتاری چ یە؟

**رەفتار :هەر فرمانیکە یان وەلامدانەوەیکی مرۆڤە یان ئاژەل بۆ ووریژینەریکی ناوەکی یا دەرەکی ودەبیت شایەنی چاودیری و پیوانەکردن بیت** (فولکرمر,2013)

**یان**

**رەفتار «کۆمەلیك هەلسوکەوەتە لایی مرۆڤ یان ئاژەل وەکو «قسەکردن, پیکەنین , خویندنەوە , پرۆسە ئەقلیەکان کە قابلی چاودیری راستخۆ یە هەروەها**

**پرۆسە ئەقلیە ئالوزەکانیش دەگریتەوە وەکو,بیرکردنەوە ,فیربوون ,فیرکردن دەگریتەوە**( 2011, پلۆتنك, وکۆیەماجان)

## لایەنەکانی رەفتار

رەفتار پرۆسیەیکی تەواو کراوە چەند لایەنیکی هەیە

1.لایەنی معریفی: هەموو پرۆسە معریفیەکان دەگریتەوە وەکۆ درك پی کردن بیرکردنوە .........

2.لایەنی هەلچوونی : واتا حالەتی هەلچوونی کە رەفتاریش لە گەلە

3.لایەنی جوولەیی: هەموو پرۆسە زاروکی وترمیز لە گەلە

## پیناسەی شلەژانی رەفتاری

زۆر چەمکی جیاواز بەکار دیت بۆ ئاماژە پیکردن لە شلەژانی رەفتاری یا خوت شلەژانی دەروونی یا خوت رەفتاری نەگونجاو یا خوت رەفتاری نامۆ یا لاسار چەمکەکاانیش لە سەر پیوەری دەسنیشان کردنی رفتاری لاسار دەوستیت .

**پیناسەیی یەکەم :** وەلامداونیکی رەفتاری نامۆیە وە پیشبینی نەکراوە لە سنووری رۆشنبیری کۆمەل . ئەمەش دەوستیت لە سەر پیوانەی لادانەکە وە پشت دەبستیت بە پیوەری ئاماری . رەفتاری نامۆ ئەوەی لە سەر ریگای گشتی لایدا دەبیتە شلەژان (سو,2013,)

**پێناسەی دووەم** هەست کردن بە توندیکی کەوا لە کەسەکەیی دەکات پیوستی بە پسپۆری دەروونی تایبەت بیت, وا پیشان دەدات بە شیوەی هەلچوونیکی توند ,ولیردا دل توندی و خەمۆکیی هەست کردن بە دەست دانیی هیواو خۆشیی ماوەیکی زۆر دەخاینی,وە کاری لە سەر ژیانی رۆژانەیی تاك دەكات لە سەر کاری لە دەست دەدات, دەبیتە شلەژان.

زۆرینەیی شلەژانە دەروونیەکان لە هەلبەزینو دابەزینی هەلچوونی دان ئازایکی دەروونیی هەیە لای کەسی تووشبوو بەلام لایی هەموو شلەژانیك وانیە بەلگو بۆ نموونە له شلەژانی دوو جەمسەری هەندیك جا هەست بە حالەتی خۆشیی زوور باشیی دەکات .

**پیناسەی سییەم** ریبەری دەستنیشان کردنی ئاماری بۆ شلەژانە ئەقلیەکان جیهانی

شلەژانیی رەفتاری کردووە " بە تیکچونیکی رەفتاریی رەنگاندانەوەی پیشەیی و بایلۆژیە دیاریی کراوی هەیە, وە پەی وەستە بە خەمیکی دەروونی و نیشانەیی ئازاریك یا خوت بێ دەسەلاتییکی پیوە دیارە،ئەو مندال شلەژاوە ناتوانی ئەوە ی کە گەورەکان لی داوا دەکەن بیکات لە کات و شوینی خۆیی".

# پۆلینکردنی ئەو تاکانەیی کە شلەژانیی رەفتاریان هەیە

1.رەفتاری شلەژاو : رفتاری شەرانگیزی پیوە دیارە , توانستیی کنترۆلکردنی تورەیی نیە , بەردەوام نارازیی و لاسارە, دژایەتیی هەموو شتیك دەکات.

2.شەرانگیزیی کۆمەلایەتی : هەموو رەفتارە شلەژاوەکان دەگریتەوە کە پەیوەندی هەیە بە کۆمەلگا . مندال یا هەرزکاری توانستی بە کۆمەل بوونی نیە ,ئازاری دەورووپشت دەدات ,یا ئازاردانی خۆیی , ئەگەر هاوریەتیی بکات ئەوە بەشیوەی چەتەیی لە گەل برادەرانی هاوشیوەیی خۆیی دەکات, دزین ,درۆ,شکاندن تیکدان

3.کیشەی ئاگای (پینەگیشتووی): ئەم لاینەش پەیوەندیبە بە کەمی ئاگایی هەیە, بۆ ماوەیکی کورت , رفتاری و زانیاری کۆ دەکات لە بیری دەکاتەوە تیگەیشتنی وەگرتنی زانیاری کەمە , زوو بیروکەی دەبچریت, هەلپاسی لە رەفتاریی دیارە, نەگەتیفە , پشت بە کەسانی تر دەبەستیت, زۆر مندالانە دەجولیتەوە

4.دلەراوکی_دوورەپەریزی: ئەم لایەنە پەیوەندی هەیە بە تیگەیشتنی شلەژان. کەم باوەربوون بە خود, کەمی ریزگرتنی خود, هەستیاریی زۆر بۆ رەخنەگرتن و قبول نەکردن , گشتاندنی مەترسیەکان هەروەها دلەراوکی , رەفتاری نویی ناکات لە بەر مەترسیەکانی وهەروەها سەرنەکەوتن.

5.رەفتار نەخۆشی دەروونی: ئەمەش کۆمەلیك نیشانەیی نەخۆشی دەروونی پیوە دیاردەبیت, وەکو .شلەژانی زمان , بیرۆکەی نامۆ , اوهام , یەکوتەیی لە گەل واقیع ژیان.

6.زۆر بوونی گرژیی جوولەیی: ئەم لایەنە پەیوەندی هەیە بە جوولەیی زۆر جیگیر نابیت لە شوینك, گرژیی, . هەلپەرین هەلبەزین

# هۆکارەکانی تۆۆشبوون بە شلەژانی رەفتاری

تویژەرەکان هۆکاری تووشبون بە شلەژانی رەفتاریان گەراندووتەوە بۆ چەند هۆکاریك بە پی رۆانگەی تیۆریەکانی دەرونی ,

<u>لە روانگەی بۆماوەیی:</u> کە فوکەس لە سەر چۆنیەتی تیکەلابوونی جیناتی رژینەرەکان کۆئەندامی دماری میشك لە و ژینگەیی کە تیادا دەژیی هەر وەها کاریگەری فیربوونو , کەسایەتی , یادگە, پانەر, هەلچوون ,چۆنیەتی بەرانگبونەی تاکە .

<u>لە روانگەی معریفی:</u> هەیە ئەمشیان فۆکەس لە سەر چۆنیەتی چارەسەر کردن و وکۆکردنەوە وبەکارهینانی زانیاریەکان وئەمەش چۆن کاریگەری هەیە لە سەر پیشبینی کردن و درك پی کردن, فیربوون, یادگە, بروابوون و هەست پی کردن,

<u>لە روانگەی رفتاری</u> :چۆن مرۆڤ رەفتاریکی نویی فیردەبیت یا جاکسازی رفتاری ئیستای بە پشت بەستن بە وەلامدانەوی ژینگەیی دەورویشت بە پاداشت یا سزادان.

له روانگەی شیکاری: جەخت لە سەر کاریگەری مەترسیەکان و ئارزووەکان و پالنەر ناهەستیارەکان بەسەر رەفتارو گەشەیی سیفاتی کەسایەتی و کیشە دەرونیەکان بۆ دوایی ژیانی.

له روانگەی مرۆڤایەتی: هەموو مرڤیك ئازادە لە رینمای کردنی ژیانی داهاتووی, توانستی گەشیی بە کەسایەتی خۆیی هەیە, بەهای خودیی و توانستی بی رەها بۆ جیبەجی کردنی,

له روانگەیی رۆشنبیری: ئەمەش لە لیکچووەکانو جیاوازیەکان رۆشنبیریی و رەگەزیی و پیشەیی دەروونیی کۆمەلایەتی دەکۆلیتەوە کە دەبیتە هۆیی دروست بوونی رەفتاری ئاسایی و نا ئاسایی

له روانگەیی پیشکەوتووەکان: تویژینەوە لە سەر بیرۆکە پیشکەوتەکان هەلبژاردنی سرۆشتی دەکات بۆ شیکردنەوەی پرۆسە دەروونیەکان و رەفتاریەکان.

هەر روانگەیەك لەمانەشیکردنەوەی لایەنیك لە لایەنەکانی شلەژان دەکات , روانگەی ئیستا کە زۆرینەی زاناکانی دەروونناسی پشت پی دەبستن کە کۆمەلیك هۆکار بە یەکەوە رەفتاری مرۆڤ شیدەکات, ئەمەش ئیستا پی دەوتریت پرۆگرامی هەلبژاردەیی(المنهج الانتقائی), واتا پسپۆرەکە زانیاری بایلۆژیی و معریفی رەفتاری شیکاریی مرۆڤایەتی رۆشنبیری و پیشکەوتووی کۆ دەکاتەوە لە سەر شلەژانەکە, ئەمەش ئامانجەکانی دەروونناسی جی بە جی دەکات لە (شیکردنەوە, وەسف کردن, پیشبینی کردن,وکونترۆل)

.(Kouyoumdjian, 2011 & Plotnik)

# خشتەکردنی شلەژانە رەفتاریەکان

رفتاریی شلەژاو ب (خووـگرتن):

بۆ کەم کردنەویی گرژیی رەفتارەکە

1. مژینی پەنجەکان دەست ,بەتایبەت پەنجەی گەورەیی دەست

2.خوردانی کروشتنی نینۆکەکان دەست

3.گرژبوونی بێ ویستی خۆی بۆ هەر شوینك لە جەستە

4.پیکدادانی ددانەکان بە تایبەتی لە کاتی نووستن

5.وەستانی زمان تعلیم الکلام

6. فۆبیای قوتابخانە

7. شلەژانی عنادی وکەلەرەقی

8. شلەژانی کەمی ئاگایی فرەجوولە

ڕەفتاری شلەژاو ب( هەلچوون )

1.ڕاگرتنی هەناسە بۆ ماویك گرژبوونیكی زۆر

2.تانترۆمای تووڕەبوون

ڕەفتاری شلەژاو ب ( خواردن):

1.پیكا

# لیدانی سەر-ڕەفتاری دووبارە




بە شیوەیکی ڕتم  سەری لە شتی ڕەق یا هەرسەرچاوەیکی توند بێ

5-20٪ لەماوەی مندالی زوو ئەو ڕەفتارە دەكەن

نوزە نوز-  و خودیك سنورداری هەیە.

تووشی كاس دەبیت هەندیك جار , پچرانی تەقینی سەر, مۆڕبوونی شوینەكە خشاندنی وەكو شوینی سووتاو لیدیت.

# چارەسەر

دلنیابوون كەوا  شوینە برینداركە قوول نیە

-دایکاون باوکان فیرکەن کە پشتگویخستن بەکار بهینن لە بەر ئەوەی دلەراوکی و سزادان ڕەفتارەکە زیاد دەکات.

-خۆ پارستن بە شتی پاریزازو وەکو دیواری تغلیف کەی بە شتی نەرم هەروەها لە بەر کردنی کلاوی تایبەت.

# مژینی پەنجەکان وقرتاندنی وکرۆشتنی نینۆك




ئارام بوونیکی هەستیاریە بۆ مندال لە کاتی مژینی پنجەکانی بۆ کەم بوونەوەی پالەپستوو لە ڕووداوەکان کە تووشی دەبیت , لە لای مندال و کۆرپەلە ڕوودەدات زیاتر.

بۆ ئەوەی سەرنجی دایك و باوك ڕاگیشیت

وتوانستەکان ئلمادەبوونی بۆماوەیی هەیە

=دواکەوتنی گەشەیی

=پشتگویخستنی

**شوینەوارە نەگەتیفەکان:**

1.دەمیکی شیواو وە.ناتوانی ددانەکانی لە سەر یەك دابخات

2. توانستی جووینی خوراك قورس دەبیت

3. ئاستنگەیی قسەکردنی لە  پیتی د,ت

4. اللیغە ( زمان گرتن) تووش دەبیت

5.شیواندنی پەنجەکان و بەرز بوونەوە هەندیك  لە جومکەکانی تووش دەبیت.

# چارەسەری

- ئارام کردنەوەی دایك وباوك بەوەی کە رەفتاریکی ماوەکیە واتا بەرداوم نیە.
- پیشکەوتنی ئاگایی وهۆشداریی لە لای دایك و باوك و بایەخدانیان بە کۆمەل بوونی  و پەروەدە کردنی منداڵ
- دایك باوك فیری پشتگویخستن بن لە رەفتارەکەی جەخت کەن لە سەر لایەنی پۆزیتفی رەفتارەکانی تر منداڵەکە.
- پیدانی خەلات وپاداشت  بە پی ئاستی رەفتارەکە
- بەکارهینانی مرهمی تاڵ, باندجی پەنجەکان, لەبرکردنی پەنجەوانە بۆ کەم کردنەوە مژینی پەنجەکان



# تانترۆمای تورەیی




له تەمەنی 18 مانگی تا 3 سالی له قوناغی مندالی کەشەی هەستی و متمانه به خۆبوون لای مندال گەشه دەکات.

-منال بەربەرکانی پیشکەش دەکات, نەگیتفە,,رکانبەری, تانترۆمای تۆرەیی تووش دەبیت
- بەشیکی نورمال هەیه لەگەشەی مندال
- رەفتاری توند تر دەبیت ئەو تورەیی ئەگەر دایك باوك به سزدان وتوریی وەلامیان داوە.
-مندال به هەلەوە تانترۆمای تورەیی فیردەبن وەکو وەلامیکی زیرەکانه بۆ دڵ توندیی وسەرنەکەوتن دەبینی.

## هۆکارەکان و پلەیی تانترۆمایی

-برسیەتیی

-ماندووبوون

-کەمی نووستن

-ئامادەیی کەسیەتی  لە مندالەکە هەیە

-کارمای ناکارا لایی دایك وباوك

-نازی زور لە دایك باوك

-خیزانیك بچراو یاخوت شەرانگیز

-بێزاریی  وبیێ تاقەتی لە قوتابخانە

## ☐ بە شیوەیکی گشتی راویژی دایکان و باوکان دەکەین

-ببن بە نموونەیکی باش بۆ مندالەکانیان

- گۆیی بست و ئاگاتان لە مندالەکانتان بن.

- کاتی باش لە گەلیان بەسەر ببەن.

- -تیکەلاوبوونیکی کراوە لە مندال بکەن.

- -رەفتاری هارمونی تیا بیت هەروەها سقامگیر بیت بەرامبەر بە مندلان.

## بەریوەبردنی تانترۆمایی تورەیی لە کاتی روودانی

☐ دایك و باوك دەبی تورەیکی پشتگویی بخەن لەو ساتە ,دواتر وەکو ئارام بوو بە مندالەکە بلی ئەم رەفتارە قبول نەکراوە لیت.

☐ -ووشەکانی بەکار هاتوو لە کاتی قسەکردندا نابیت ناشیرین و جوین بیت.

☐ -قەت لە مندال نەدەیی یان تهدیدی بکەی

-بەکارهینانی تایم ئاوت واتا چەند دەقەیك سزادان  لە سورجیك نەجوولی تا وەکو ئارم دەبیت بەتایبەت کاتی لە شوینە گشتیەکان دەبیت

.

# سك هیشانی شەوانە




ژانیکی زنجیرەیی لە ناو سکدا کراینکی توند و بەردەوام لە مندالیکی نورمال

= لە تەمەنی  یەك بۆ دووهەفتە ژیانی کۆرپەلە دەست پی دەکات بەردەوام دەبیت بۆ 3-4 مانگ

-گریان دەست پی دەکات لە پاش نیوەرۆ بۆ شەو گریانەکەش بەم شیوە دەبیت

+بۆ 3 ساعات رۆژانە

3رۆژ لە هەفتەدا

3 هەفتە لە مانگیدا

لەناکاو دەست پیَ دەکات بە گریانیکی تیژ

-گریانکە بەردەوام چەند کاتژمیر دەگاتە درەنکی ئیوارە یان تاکو شەو

-دەمچاوی سوور هەلدەگریی لاقەکانی هەلدەکیشی نزیك سکی دەجوولینی گرژیی پیوە دیارە.

-ئەم هیرشە کوتایی دیت پاش ئەوەی  ماندوونی دەکات  زور بی تاقەت  دەبیت هەندیك جاریش پاس فریدانی پاشەروو.

# هۆکارەکانی سك هیشانی شەوانە

-پێ نەگەیشتووی کۆئەندامی هەرسکردن و ریخۆلەکان ☐
-بە هەوا کردنی سك مندال لە کاتی شیرخوادونەوە یا گریان ☐
-دروست بوونی غازات لە ریگایی خواردنەکان وجۆرەکانی ☐
-وورژاندنیکی زۆر ☐
-هۆکاری کاردانەویی حساسیە ئەلرجی

# بەریوەبردن ژانە سك: ☐

-مندالەکە بە شیوەیکی راست لە باوشی کەی یان لە سەر سك داینی.

-دور بە لە پیدانی ئازار کوژ  ودەرمان.

- لە کاتی تووشبوون هیچ دەرمانیك رۆلی نابیت وەکو ئەنتباۆتیك بۆ التهابات یان دەرکردەی غازات یان تحامیل یان حوقنەی بۆ پیسایی

## راویژکردنی دایك وباوك بۆ گونجاندن

-دلنیایی دایك و باوك دەکەین کە مندالەکەیان نەخۆش نیە. ☐

ئارام کردنەوە مندالەکە بە دەنگی ئارام دووبارە لە گەل کەم کردنەوە خوراك پیدان لە گەل هەر گریانیك و هاوار کردن. مندال ☐

# شلەژانی خوراك (پیكا)




- دووبارە كردنی خواردنی  شتی نامۆ و نا شیاو ✓
- وەكو قور,صبغی دیوار ,كیچ, رەژوو, خول ✓
- ئەم حالتە ماوەیەك دەروات ✓

| | |
|---|---|
| Geophagia | خواردنی (خۆڵ,قور,,کیچ,تەباشیر,هتد......... |
| Pagophagia | خواردنی بەفر |
| Hyalophagia | خواردنی شوشە |
| Amylophagia | زیادەڕۆی لە خواردنی نەشەویات |
| Xylophagia | خواردنی دار |
| Trichophagia | خواردنی پرچ یان قژ |
| Urophagia | خواردنەوەی میز |
| Coprophagia | خواردنی پاشماوە مرۆڤ یا ئاژەل |

- **هۆکارەکان**

- –پشتگویخستنی مندال
- -چاودیری کرنیك سست لای باوان
- -دواکەوتنی ژیری
- -کەمی گەرمی پەیوندیە دەروونیەکان پشتگویخستی یتیمەکان
- -خیزانیکی ناریکخراو
- -کەمی ژیانی کۆمەلایەتی ئابووری
- -ئۆتیزم

- کەمی ئاسن تووشبون بە کەمی خوین ئەنیما
- تووشبوون بە کرمی کۆئەندامی هەرس
- ژهرابوون بە رصاص
- پچرانی خیزان
- بە لادانی هۆکارەکان نەخۆشیکە نامینی
- ئەم نەخۆشیە لە مندالی تووش دەبیت زۆر بەکەمی دەمینی بۆ قوناغی کەنجیەتی.

# هەناسە راگرتن




- 1.هەناسەیکی سادە – تانترۆمای هەناسەگرتنی
- 2.مۆربوون بە هۆی تانترۆمای هەناسە گرتن
- 3.حالەتی زەردبوون بی رەنگی دەموچاو بە هۆی هەناسە گرتن
- 4. هەناسەدانیکی ئالۆز بە هۆی ئەو تانترۆمای هەناسە گرتن

.

***فاکتەرەکانی پیشبینی کردن بەو شلەژانە***

سەرنەکەوتن

بریندابوون

تورەبوون

خۆین کەمی ئەنیما

**چۆنیەتی بەریوەبردنی بە گشتی** ☐

-هیچ دەرمانیگی پێویست نیە

-پیدانی تەواوکەرکانی خۆرك بە تایبەت ئاسن لە گەل ئەو مندایٮەنە ئاسنیان کەمە

**لە کاتی تانترۆمای هەناسە راگرتن :**

-دلنیابە کەوا منداکەت لە شوینکی سەلامەتە بۆ ئەوەی نەکەویت یان ئەزیەت نەخوات

-پارچەییك قوماشی سارد لە نیوچەوانی مندالەکەت دانی تاوەکو ماوەی تانترۆمای کەمتر کەی

-دوای تانترۆمایەکە هەولدە ئارم بیت.

- دوور بە لە بایەخدانیکی زۆر بە منالەکە , چونکە دەبیتە هۆیك بۆ پالپشتکردن بۆ دووبارە کردنەوەی رەفتارەکە.

- -دووربە لەو رووداوانە یان ئەو شوینانەی کە مندالەکە تووشی تانتروما گورینی موودی مزاجی بیت.

# فوبیای قوتابخانە




## فوبیای قوتابخانەی

5-1٪ مندالانی جیهان لەتەمەنی قوتابخانە دا قوتابخانە قبول ناکەن.

زۆرینەی مندالەکان لە پینج بۆ شەش سالی هەروەها 10-11 سالی توشی فوبیای قوتابخانە دەبن

قبول نەکردنی قوتابخانە جیاوازە بە پی نەرۆشتن غیابوونی مندالەکە ئەگەر هۆکارەکەی دلەراوکی یا ترسیکی زۆر

## چۆن دایك باوك ئەم شلەژانەبەریوەدەبەن

1. دەبیت پزیشك پیش هەموو شتیك ببینی بۆ دلنەوایی کردن کەوا هیچ نەخۆشیکی جەستەیی نیە.

2. گوی لە مندالەکەت راگرە لە کاتی قسە کردنی لە سەر قوتابخانە بۆ دەستنیشان کردنی هۆکارەکان.

3. قسە لە کەل مامۆستای مندالەکەت, رینماکاری دەروونی یا کۆمەلایەتی بۆ هاوکاریکردن.

4. بەیکەوە دەنیشانی هۆکارەکان بکەن

5. پلانیکی سەرکەوتوو دابنین بۆ جیبەجی کردن ئامانجە کەی ئەوەبی کە مندالەکەت دوانەکەی لە قوتابخانە یا قوتابخانە بە جی نەهیلیت

6 لە حالە تیك ئەگەر ئەم پلانە سەرنەکەویت ئەوە دەبیت ئەوە مندالەکەت ببەی لای پزیشکی دەروونی یا چارەسەری دەروونی بۆ یارمەتیدانت لەم کیشەیە.




## شلەژانی زمان گیران (تعلپم الكلام)

1.شیواندن لە قسەکردنی ئاسایی.

2. وەستان دووبارەکردنەوی پیتیکی دیاری کراو زۆر جەخت یا وەستان لە سەری.

3.قورسی لە دەربیرینی فۆنیتیك پیتە شارەوەکان.

4.هۆکاری گرژبوونی ماسولکەکانی دەمە بەتایبەت ماسولکەکانی چەنەگە و دەم .

5. ئەم حالتە مندال تووشی دەبیت لە تەمەنی 2-5 سال

6. زۆر جەخت کردن لە سەری وەبیرهینانەوەی  وەستانەکە حالتەکە قورستر دەکات.

7. مندال لیردا باوەر بە خۆبوونی کەم دەبیت زۆر هەستیار دەبیت .

8. زۆر جار گۆرانی و شعیر دەلیت بە بی وەستان بەلام لە قسە  کرندا وانیە.

<u>دایك و باوك چۆن ئەم حالتە بەریوە دەبن</u>

1.دایك باوك دەبی دلنەوابن یا تاکید بن کەوا مندالەکەیان ئەم کیشە هەیە.

2. نابی جەخەت لە سەر مندالەکە بکەن بۆ دووبارە کردنەوەی قسەکانی بەم شیوازە قسەی پی دەکات رازیبن.

3.دەبیت ئەم مندالە پالپشتی سۆزداری پی بدریت.

4. مندالە تەمەن گەورەکان ئەوەی لە قوناغی دووەمی وەستانی زمانن دەبی لای چارسەری قسەکردن و چارسەری تایبەت وەربگرن.




# شلەژانی عنادی یا خوت (کەلە رەقی)(ODD)

1.زۆر بە ئاسانی هەلدەچیت تورە دەبیت ازعاج دەبیت.

2. بەسیوەیکی دووبارەیی تووشی تانترۆمایی تورەیی دەبیت.

3. زۆر لە سەر رووداوەکات قسەدەکات کفتوگوی بی مانا دەکات لە گەل کەسی لە خۆی گەورتر, بەتایبەت تاکەکاانی خیزان , دایك وباوك.

4. هەموو یاسایکی رەت دەکات قوبلولی ملکەچی نیە.

5. پیدەچی هەموو کیشەکانی بە سەر ملی خەلکی تر لومەی کەسانی تر دەکات بۆ هەلەکانی .

6. کەمی ریزگرتنی خود

<u>ئەگەر ئەم مندالە شلەژاوە تەمەنی گەورتر بیت ئەوە ئەم رەفتارەانە هەلدەگریت</u>

1.بە بەردوام کیشەیی لە گەلی ملکەچی هەر یاسایەك هەیە بە تایبەت لە گەل دایك و باوکی

2. ئارستەی بە کارهینانی مادە هۆشبەرەکانی هەیە , خواردنوەی کهول ,

3. هیز بەزەیك نیشان نادات لە گەل کەسانی تر.

4. توندو تیژی و شەرانگیزی بەرامبەر بە ئاژەلان.

5. بە شیوەیەکی سادیزم (توند و بە ئازار) رەفتار دەکات وەکو ئازاردانی قوتابانی لاواز لە پۆلەکەی چەتە دروست دەکات هەروەها ئازاردانی سیکسی .

6. ڕەفتاری تاوانکردن نیشان دەدات , وەکو دزین ئاگرکرنوەی ,شکاندنی کەلو پەلی مالەوە .

7. ئارستەی ڕاکردن جیهشتنی مالەوەی هەیە.

8. ئارستەی خۆکوشتنی هەیە بەلام بە شیوەیکی زۆر دەگمەن.




# شلەژانی  کەمی ئاگایی فرە جوولە

## ADHD

شلەژانیکی ڕەفتاریە دەستنیشان دەکریت بە نەبوونی ئاگایی یا ترکیز , توانایی هۆشداری تیگەیشتن نیە,ئاستەنگەیی تیکەلبوونبوون پەیوەندی کۆمەلایەتی هەیە , کەمی خۆ ڕاگرتنی خود, فرە جوولیکی زۆری پیوە دیارە , کە بە نائاسای چالاکی ڕۆژانەی ژیان پیناسە دەکریت.

نیوان دوو بۆ پینج کەس لە سەدا  مندلانی لە جیهان تووشی ئەم شلەژانە دەبن, لە نیو کوران زیاتر لە کچان بە ڕیژەیی یەك  کچ1-3 کور.

نیشانە سەریەکان .

1. کەمی ئاگایی (انتباه): ئاستەنگەیی ئاگایی ترکیز کردنی هەیە , لە بیرچوونەوە ی ڕینمایەکان, جوولەی یەگجار زۆر لە شوینك بۆ شوینکی تر بی ئەوەی ئیشیك  تواو بکات.
2. ململانی  : لە کاتی گفتو گۆدا لە سەروو کەسانی تر قسە ئەکات قسەی کەسانی تر دەبریت بەبی ئاگای خۆی قسەکانیشی بچر بچرە, گویی گرتنی کەمە .

3. چالاكیكی زۆر هەیە. نازانی ئارامی دانشتن چیە زۆر فرە جوولەی هەیە ناتوانی لە سەر تەختەكانی قوتابخانە زۆر دابنیشی .

#ئەم شلەژانە زۆر جار لە گەل شلەژانی تر تیكەل دەبیت وەكو شلەژانی ئۆتیزم زۆر جار پسپۆران تیكەلی دەكەن لە كاتی دەسنیشان كردن بە شلەژانی ئۆتیزم  بەلام دەشی مندالی ئۆتیزم تشبووی شلەژانی كەمی ئاگای فرە جوولە ش بیت بیچەوانكەشی هەلەیە.

# بەرنامەی (لۆڤاس) بۆ مندالی ئوتیزم

## (ABA )Applied Behaviour Analysis

**ناوی بەرنامەکە**

**دەگەریتەوە بۆ: ایفار لوفاس کە زانایەکە زور گرنگی بزانستی دەرونزانی داوە وشوینی لە دایکبوونی نرویج ئیستا ماموستایە لە زانکویك لە کالیفورنیا بە تایبەت لە لوس انجلوس. ئامانجی سەرکی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی شیکردنەوەی رەفتاری بوو لە سەر 20 مندال ,دەرئەنجامەکان زور دلخوشکەربوو, بۆیە ویستی گەشە بە بەرنامەکە بدات بۆ کۆمەلەی زور فراونتر ئەم جارە بە یارمەتی راهینەران و دایکان و باوکانی مندالەکان تاوەکو مندالەکان تووشی هەلگەرانەوە نەبن ئەگەر گەرانەوە مالەوش کاریگەری بەرنامەکە بمینی پاش تەواو بوون راهینان.**

**<u>کوراتراوەکانی ناوی ئەم بەرنامەیە بەزمانی ئینگلیزی</u>**

## Lovaas Therapy

**ABA: Applied Behaviour Analysis**

**ABC: Antecedent Behaviour Consequence**

**DTT: Discrete Trial Training**

**DTI: Discrete Trial Instruction**

**IBT: Intensive Behaviour Treatment**

**<u>بەرنامەی لوفاس جەخت لە سەر :</u>**

**1.جەخت لەسەر رەفتاری ئیستای دەکات: ئەو رەفتارانەی کە پی دەناسریت مندالی ئۆتیزم زیاتر لە دەسنیشان کردنی حالەتی ئۆتیزم**

**2. جەخت لە سەر حالی ئیستای : واتا گرنگی بە میژووی هۆکارەکانی حالتەکە نادات**

چۆن جیاوازی نیوان السلوك الحالی(رەفتاری ئیستا) والوضع الراهن (حالی ئیستا)؟

| جەخت لە سەر رەفتاری ئیستای مندال | جەخت لە سەر حالی حازری مندال |
|---|---|
| | |

**ئەو بیرۆکانە کە بەرنامەی لۆڤاس کە دەوستیت لە سەری:**

1.سوودوەگرتن لە ریگاکانی فیرکردنی ئاسایی.

2. ژینگەی ئاسایی یارمەتی مندالی ئوتیزم دەدات بۆ فیربوونی لە سنووریکی مام ناوەند بمینی.

3. مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە گەل پسپوری دەروونی دەتوانن یارمەتی مندالی ئۆتیزم بدەن.

4. ژینگەیی فیربوونی گونجاو ونزیك لە ژینگەی سروشتی

5. چاکردنوەی رەفتاریکی دیاری کراو مانای چاکردنەوەی رەفتاریکی تر نیە.

6. چارەسەر بەردەوام دەبێت بۆ 40 ساعات هەفتانە بە بێ هەژمارکردنی ماوەکانی حەسانەوە خواردن وماوەی راهێنانی مالەوە.

**ئامانجەکانی بەرنامەی لوفاس لەمەودایکی دوور**

**سالی یەکەم** : کەم کردنەوەی وورژاندی خودی – شەرانگیزی- وەلامدانەوەی راسپاردەکانی کە بە زمانیە – لاسایکردنەوە- بەکارهینانی یاریەکان- هاوکاری مندالەکە لە گەل خیزان

**سالی دووەم:** زمانی دەستەوااژیی و ە زمانی ئاسایی- یاری کردنی کارا لە گەل هاوریکانی – شیوازەکانی کۆمەلایەتی وکۆمەلگایی قوتابخانەی.

**سال سییەم :** جەخت کردنی لە سەر بە دەرهینانی سۆزو – کارمای ئەکادیمیەکان بۆ نموونە خویندنەوەی وماتماتبك–فیربوون لە ریگای چاودیریی کردن وورك شوپ لەکەڵ دایکانو باوکان بکریت

## چالاکی ئامانجەکان لە مەودای دوور

| م | سالەکان | ناوەرۆکی سالەکان |
|---|---|---|
| 1 | سالی یەکەم | |
| 2 | سالی دووەم | |
| 3 | سالی سییەم | |

**چەمکەکانی بەرنامەی لوفاس:**

A: وروژینەرەکانی پیشەکی( ئارەستەکان).

B:رەفتاری یا خوت وەلامەکانی  هەر رەفتاریك مندالی ئوتیزم دەکات.

C:پالپشت یا خوت سزادان ئەگەر سادەش بیت یا خوت کاردانەوەیکی نەگیتفش بیت.

## تکنیکەکانی کە دۆزراوە لە بەرنامەی لۆفاس

| م | تکنیکەکان | نموونە لە سەر هەر تکنیکێك |
|---|---|---|
| 1 | تحليل المهمة<br>( شیکردنەوەی ئەرك) | |
| 2 | التسلسل<br>(زنجیرەکردن) | |
| 3 | التلقين<br>(تەلقین کردن) | |
| 4 | الاخفاء<br>(شاردنەوە) | |
| 5 | خفض التعزيز<br>(کەم کردنەوە پالپشت) | |
| 6 | التعميم<br>(گشتاندن) | |
| 7 | التشكيل<br>(شیوازکردن) | |
| 8 | النمذجة بالفيدو<br>(لاسایکردنەوە بە فیدو) | |

**شیکردنەوەی ئەرك:** پرۆسەی دابەش کردنی ئەرك بۆ چەند بارچەیك وورد ( وەكو زنجیریكی بۆ پیشەوە یاخوت زنجیرەی پیچەوانە )

ئەم جۆرە تكنیكە بەكار دیت بۆ فیربوونی كارامای رەفتاریەكان , فیربوونی راهینان لە سەر كارامایكی ووردەكانی

هەروەها بەكار دیت بۆ بەدەست هینانی پیشە .

بەكار دێت بۆ دیزانكردنی وانەی راستەخۆ : لە بواری پەروەردە وە انجلمان بكارهینا لە سالی 1968 بۆ

شیكردنەوەی ئەرك بۆ وانە ووتنەوەی راستەوخۆ .

**زنجیرە كردن:** واتا دابەش كردن كارامایەكان بۆ یەكەی بچووك بۆ ئاسنكردنی فیربوونی .

بۆ نموونە پاكردنەوەی ددان ئەمە رەفتاریكی خوازیارە.

شیكردنەوەی زنجیرەیك لە رەفتاریكی نا شیاو نەهیشتنی كە ریگایك بۆ چارەسەر .

دوو جۆر لە زنجیرە كردن هەیە :

یەكەم: زنجیرە پاشەكی لە كاتی فیركردنی زمان گۆرانی

دووەم: زنجیرەی پیشەكی فیركردنی رەفتار بۆ پیشەوە بۆ پاش بۆ نموونە بەكارهینانی كۆمپیوتر

بەكارهینانی یاریكی كومپیوتر .

**تەلقین كردن:** نموونەیكی یارمەتیدەر بۆ تیكەلبوون لە پالپشكردنی رەفتاری شیاو, لە شیوازەكانی تلقین كردن

تلقین كردنی لە **ریگای جەستەیی** , یا خوت تلقین كردن لە **ریگای زمان زارەكی**

جۆرەكانی تەلقین كردن:

1.زارەكی: بەكارهینانی زمان

2.تەلقین بینای : بەكارهینانی وینە یا نموونە مۆدیل.

3. تەلقین دەستەواژەی (ایموجەکان): بەکارهینانی دەستەواژە.

4. تەلقین شوینەواری: واتا شتیك لە جیگایکی نزیك دابینی بۆت بهینی.

5. تەلقین بە مۆدیلکردن: ئەمەش لە گەل ئەو مندالان بە کار دیت لە گەل ئەوانەی لاسایی دەکەنەوە .

6.تەلقین بە جەستەی : جووەلەیوەکو دەست لە سەر دەست یا خوت لیدانیکی سەبر بۆ دەست پیکردنی جوولە

**شاردنەوە:** واتا دەبیت مندال فێری رەفتاری شیاو دەبیت بێ ئەوەی پیوستی تەلقین کردن چونکە تلفین کردن دەشاردریتەوە تاوەکو مندال بەتەواوی پشتنەبەستی بە تەلقین کردن بە سەربەخۆیی وەلامی هەبیت لە کردارەکانی.

## کەم کردنەوەی پالپشت:

جۆرە تیکەلبوونیکی نیوان کەمکردنەوەیە پالپشت لە گەل شاردنەوە , شاردنەوە واتا نەهیشتنی یارمەرتیدەر بەلام کەمکردنەوە پالپشت واتا دریژکردنەوەی ماوەی کاتی نیوان پالپشتەکان لە خشتەی پالپشت.

## گشتاندن :

گشتاندن واتا دریژکردنەوەی رەفتاری مندالە لە رووداوی جیاواز بەراوورد بە رووداوی یەکەم کە فیریبووە وەریگرتووە لە هەر کاراما یەك .

وە دەشی فیربوون رووبدات لە ریگای تاکەکان یان رووداوەکان ئەو ئامیرانەی کە بە کار دیت بۆ فیربوون.

بۆ نوونە: کە مندال فیری رەنگەکان دەبیت لە سەر تەختەتی فیربوون دەتوانی مامۆستای پەروەردەی تایبەت بیباتە ژینگەی قوتابخانە یا خوت مالەوە وە گشتاندن دروست بکات لە ژینگەی جیاواز سروشتیە .

## لاسایکردنەوە بە نموونەی ڤیدیۆ:

یەکیکە لە ریگاکانی وانە ووتنەوە کە وا دەردەکەویت زۆر کارایە نیوان قوتابیان و مندلان بە تایبەت لە کاتی (بە کارهینانی نموونەی ڤیدیۆیی) بە بەکارهینانی ئەم ڤیدویە زنجیرەیی دەبیتە نموونەیکی رەفتاریی بیت کە لاسایی

بکریت , چارسەر دەتوانی بەکاری بهینی بۆ فێرکردنی کاردانەوەکانی زارەکی و جوولەی هەندیك جار لە فێرکردنی ڕەفتاریکی زنجیرەی دریژ بە کاردیت.

## **شیوازکردن:**

شیواازکردن لە سەر چاکسازی ڕەفتار ئیستای مندال بەشیوازیکی پایە پایە تا وەکو دەگینە ڕەفتاری شیاو ئەگەر مندال لە گەل سەگی بە لیدان بکات ئەوە دەتوانین شیوازی ڕەفتاری بکەین بە یارمەتی پالپشتکردنی ڕەفتارەکانی دەست بەپشتی سەگەکە بە ریگایکی نەرم و نیان وچاکسازی لە لیدان بۆ بەزیی نەرمی لە ڕەفتار.

# پرۆگرامی بەرنامەی شیکاری جیبەجێ کردنی ڕەفتاری

# ABA

## سالێ یەکەم: سەرتای پرۆگرام

1.**کارامای ئاگاداری (انتباە):** فیرکردنی دانیشتن بە شیوەیکی سەربەخۆ, پەیوەندیی چاووی دروست بکات.

2.**کارامای لاسایی کردنەوە (التقلید)** : فیرکردنی جوولەی ووردو گەورە وزارەکی.

3. **کارامای زمانی دەربرین(التعبیریە):** لاسایی کردنەوە دەنگ بدوایی وەلامدانەوە بە بەلی یان نا وەلامی کورت بۆ پرسیاری سادە.

4.**کارامای پیش ئەکادیمی:** بۆنموونە چاوپیکەوتن تەواوکردنی چالاکانیکان بە شیوازیکی سەربەخۆ و بەردەوام دەسنیشان کردنی ڕەنگەکان

5. **کارامای ئاگاداری خۆپاراستنی خودی:** بۆ نموونە جل لەبەرکردن خواردن فیربوونی سەرئاو بە شیوازیکی سەربەخۆ

## سالی دووەم: قۆناغی ناوەند لە پرۆگرام

**کاراماکانی ئاگاداری(الانتباه)**: جەخت لە سەر پەیوەندی بینایی (چاو) وەلامدانەوە بۆ ناوی خۆی.

**کاراماکانی لاسایی کردنەوە**: لاسایی کردنەوەی لە دوایی یەك , کوپی کردنەوەی وینەی سادە, بەستنەوەی جوولە بە دەنگ.

**کاراماکانی زمانی پیشوازی(اللغه الاستقبالیه)** : دوابەدوای فرمانەکان بە دوو قوناغ ناسینەوەی سۆزەکان رەگەز دەتوانی ببرسی بۆ؟ سەرنجدانی بە وینەکانی زمانی دەربرین ورستەکان دەبیت لەدوو یا خوت سێ ووشە پیك هاتووبیت لە ریگایەوە داوای پیداویستیەکانی خۆی دەکات ئارزووەکانی وە دەبیت ئەرکەکە دوولایەن بیت ئالگوری زانیاریەکان لەگەل کسانی بەرامبەر بکات, پرسیار کردن بە ووشەی بۆ لە گەلیان.

**کاراماکانی پیش ئەکادیمی** : چاوپیکەوتن و پۆلینکردن کومەلیك دیاریکراو لە توخمەکان هەروەها فیری پیتەکان دەبیت بە گەورەیی بچووکراو , دەبیت فیری نووسین پیتەکان بیت وژمارەکان بەکارهینانی مقەس رەنگالە مندلان.

**کارماکانی خۆپاراستنی خۆد**: جل لەبەرکردن و پیلاو لە بەر کردن وچاکیت و بەکارهینانی سەر ئاو بە سەربەخۆیی.

## سالێ سییەم : قوناغی پیشکەوتوو لە بەرنامەکە.

**کارامای ئاگاداری(الانتباه)**: بەردەوام بوون لە پەیوەندی چاویی لە کاتی گفتوگۆ چالاکیە بەکۆمەلەکان.

**کارامای لاسایی کردنەوە**: بەردەوام بوون لە پیدانی فرمانە ئالۆزەکان وە یاریکردن لە گەل هاوریانی وهەروەها وەلامدنەوەی زارەکی لە گەلیان بکات.

**کارامای زمانی پیشوازی (استقبالیه)**: دوابەدوای فرمانەکان کە لە سێ هەنگاو پیك هاتووە ناسینەوە وە لیکچوون جیاوازی دەبیت فیری مولکداری ببیت.

**زمانی دەربرین (تعبیریە)** : دەست پێ دەکات بە بەکارهینانی ووشە من نازانم باسی چیروکی دەکات کۆمەلیك رووداوی لە ناوە  هەیە کە لە رابردوو روویداوە هەروەها دەبیت جیناوەکان بزانی (من تۆ ئەو ئەوان..)وە فرمانەکانیش بزانی.

**زمانی کورتکراو**: بە پیشبینی کردن بە دەرئەنجامەکان رووداویك وەردگیرین وە داوای روونکردنەوە لی دەکەین.

**کاراماکانی ئەکادیمیەکان** : مۆدیلەکان فیربوون تەواو بکات دەست پیکردنی بە خۆیندنەوەی ناوەکانن ناوی پیتەکان دەنگەکان بلیت , مانای ووشەو شیکردنەوەیکی سادە بۆ ژمارەکان ناسینەوەی ووشەکان کە بە وزن و قافیە وئاواز نووسینی ووشەی سادە لە یادگەی خۆیی دەتوانی ژماریك زیاد بکات لە خانەی ژمارەکان.

**کاراماکانی کۆمەلایەتی** : دوابەدوای ئاراستەکان لە هاوریکانی وەلامدانەوەی پرسیارەکانیان هەر وەها قەبول کردنی یارمەتی هاوریەکانی

**خۆ ئامادە کردن قوتابخانەی:** ئینتزار کردنی رۆلی خۆی روونکردنەوە وەلامدانەوەکان گویرایەلی کۆمەلیك الی رینمایەکان وەلامدانەوەی بۆ بانگەهییشی ناوی خۆی دەست هەلبرین بۆ هاوکاری لە وانەکەی گویگرتن لە ژیروك و گیرانەوەی.

**کارمای خۆپارستنی خودی:** پاکردنەوەی ددان قۆپچە داخستن وە لەم بەرنامەیە کۆمەلیك پالپشتی رەفتاری هەماهەنگ بە کار دیت وجیاواز .

# پالپشتی ئەرینی و بەکارهینانی (التعزیز الایجابی)

لۆڤاس و سایمون لە سالی 1967 کۆمەلیك بەهانەیان لە سەر پالپشتی ئەرینی کە دەبیتە هۆی بەرزبوونی ئاگاداری(الانتباە) لە کاتی خۆپارستن و پشت بەستنی  مندال بە خودی خۆی وە هەروەها رفتاری ئازاردانی خودیی کەم دەکات .

ئەو رەفتارانەی کە ئازاردان و شەرانگیزی تیدا بۆ شت و مەك لە گەل خەلك تەنانەت کاردانەوەی جیاوازە بۆیە قسەی ناشرین و لۆمە کردنی مندالْ هەولدان بە زوور بۆ نەهشتنی رەفتاریك یان وەستانی زور جار هیچ کارا  نیە! لە بەر ئەوەی رەفتارەکە کاتیە جیگیر نیە .